## Referendum Movement in Kurdistan

بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان ـ دەرەوەی ووڵات

# ڕوونکردنەوە

**بۆ جەماوەری کوردستان**

**بۆ میدیاکان**

**بۆ ڕۆشەنبیران**

بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە بانگێشەی ئەوەی کردووە کە بزووتنەوەیەکی جەماوەری سەر بەخۆیە و بە پشت بەستن بە یاسا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مللەتان لە دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسین خەباتی سڤیلی دەکاتە پڕۆژەی کاری بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێک بۆ بەدیهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ ، دەست مایەی ئەم بزووتنەوەیەش جەماوەرەی کوردستانە بەهەموو توێژ و ڕەنگەکانییەوە .

بزووتنەوە لەسەرەتاوە تا ئێستا پابەندی کاری هێمنانەی یاسایی بووە ، بەهەموو شێوەیەک کۆششی کردووە بۆ دوورخستنەوەی کارەکانی لە ڕێنمایی و بیرۆکە سیاسیەکان و پێوەرە حیزبییەکان ، تێروانینێکی تایبەتی هەبووە بۆ ئاسۆی کارەکانی ڕوو لە هەنگاوی تۆکمەی دوور لەو تاقیکردنەوە تاڵانەی یەخەی قۆناغەکانی خەباتی گەلی کوردی گرتبوو ، کە خۆی لە ناکۆکی و پەرتەوازی وتووندو تیژی دەبینییەوە .

هەر بۆیە بزووتنەوەکەمان و بەو توانا سنوردارەیەوە هەنگاوی پراکتیکی خۆی ئەنجامداوە و میکانیزم و خەباتی درێژخایانی کردووتە سێمبوڵی کارەکانی تا هاتنەدی ئامانجەکانی ، هەنگاوی بەتوانایینا لە ئەنجامدانی هەندێ لە ئەرکە مێژووییەکانی ، 1750000 ئیمزا ی کۆکردەوە و لە ڕیفراندۆمێکی نافەرمیدا دەنگی 98% دەنگدەرانی گەلی کوردستانی کۆکردەوە بۆ سەربەخۆیی و ئەو داخوازییەی بە فەرمی گەیاندە دەزگا نێودەوڵەتییە پەیوەستەکان .

لە پاڵ کارە پراکتیزمەکانیشماندا و بە خۆ بەستنەوە بە درووشم و بەڵێنەکانمان بە گەلەکەمان ، ئەوا بزووتنەوەکەمان هەمیشە لە ڕووداوە هەستیارەکاندا دەنگی خۆی دەربڕیوە و هەڵوێستی خۆی نواندووە و یاداشتەکانیشمان لەو کاتانەدا سەنگ و پێوەری ڕاستی باوەر و کارەکانمانە .

لەدەرەوەی وولات بزووتنەوەی ڕیفراندۆم و لە ڕێگای کۆبوونەوە جەماوەرییەکان کۆمیتەی وولاتەکانیان هەڵبژاردووە و بوونەتە نوێنەری پراکتیکی ئەو بزووتنەوەیە لە هەندەران و سەرکەوتوانە کاری ئەو قۆناغانەی ڕیفراندۆمی بە ئاکام گەیاندووە لە خۆپیشاندان ، کۆر و سیمینار ، چاوپێکەوتن لەگەڵ پەرلەمانی وولاتەکان ، پەرلەمانی ئۆروپی ، کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێف و نیۆرک ، هەڵمەتی کۆکردنەوەی ئیمزا ........ هتد

کۆمیتە بالاکانی وولاتانی دەرەوەی کوردستان پێک هاتوون لە کۆمیتەکانی ئەم وولاتانە :

.ئەمریکا ، کەنەدا ، هۆڵەندا ، بریتانیا ، سوید ، فینلەندا ، ئەڵمانیا ، نەمسا ، نەرویج ، سویسرا ، ئوستراليا .

ئەم کۆمیتانە کۆمیتەی بالای ڕیفراندۆمی کۆردستان ــ دەرەوەی وولات پێک دەهێنن و گرێدراون لەگەڵ بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان لە ناوەوەی وولات .

ئێمە لێرەدا دەمانەوێت ئەو راستییە دووپاتکەینەوە و ڕوونی بکەینەوە :

بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان دەربڕی مافی دیموکراسی تاکەکانی گەلی کوردستانە بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆی ، بە کۆبوونەوەی توێژەکان و ڕەنگەکان و کەسایەتیە نیشتمانیەکان لە نێو ئەو بزووتنەوە سەربەخۆیە ، ئەوا پرۆژەکە بەرەو پێش دەچێت و هەمیشە هێزیش لە یەکێتیدایە . ئەوەی جێی داخە هەندێ ( کەسایەتی، ڕێکخراو ، گروپ ) ئەو پرۆژەیە بەکار دەهێنن وەک پەردەیەک بۆ دەربڕینی تێڕوانینە تایبەتیەکانیان لەمەڕ ڕووداوە سیاسیەکانی گۆرەپانی کوردستان و بزووتنەوەی ڕیفراندۆم وناوەکەی تەنها وەک ئامرازێک بەکار دەهێنن بۆ دەربڕینی ئایدلۆجیاکانیان و بەمەش گوناهێک و هەڵەیەکی گەورە دەرهەق بەم پرۆژەیە دەکرێت و جەماوەریش چەواشە دەکرێت .

لە کۆنفرانسی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم ــ دەرەوەی وولات کە لە جەنیوەری **2005** لە سوید بەسترا و بۆ ڕێگرتن لە دیاردەی تێکەڵ بوونی کارەکان و بۆ باشتر بەکارهێنانی ووزەکان بەیەک ئاراستە ، بڕیاردرا لیژنەی ڕاوێژکاری نەمێنێت و ئەوەشمان دووپات کردەوە کە دەرگای کۆمیتەی وولاتەکان ئاواڵەیە بۆ هەر دڵسۆزێک ئارەزوومەند بێت کار لە ڕیزەکانی بزووتنەوەکە بکات .

ئێمە مافی ئەوەمان نییە ڕێگربین لەوەی کەسایەتییەک یان گروپێک ( لەدەرەوەی کۆمیتەکانمان ) کار بۆ ڕیفراندۆم بکا و پیرۆزباییشیان لێ دەکەین گەر توانیان هەنگاوی پراکتیکی بەسوود بنێن لەو ڕووەوە ، ڕیفراندۆم بیرۆکەیەکی دیموکراسیە وتێکرای تاکی کۆمەڵگا هاوبەشە تیایدا ، ئەوان ئازادن لەو پرۆگرامەی پەیرەوی دەکەن بەلام کاری وا مێژوویی تەنها بە هەندێ ووتار نووسین و قسەی ژووری پالتالک ناگاتە پایەی پراکتیکەوە ، هەر بۆیە کەرەتێکی تر داخوازین کە هەموان لە کۆمیتەی ڕیفراندۆمی وولاتانی دەرەوە کۆبینەوە لەپێناوی بەئاکام گەیاندنی کاری یەکگرتووی بە تواناتر ڕوو لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی بزووتنەوەکە .

بۆ ئەوەی جەماوەر دوودڵ نەبێت و وەک مافێکی ڕەوا بۆ ناساندنی بزووتنەوەکەمان و ناساندنی نوێنەرانی هەڵمەت و کارە پراکتیکیەکانی ڕیفراندۆم ، بۆ دانانی سنوورێک بۆ بەکار هێنانی ناوی بزووتنەوەکەمان لەدەرەوەی وولات لە لایەن هەندێ گروپ و کەسایەتی ( بەتایبەتی ئەو بەرێزانەی سایتە کوردی ــ ئینگلیزیەکان بەکار دەهێنن بۆ بلاوکردنەوەی یاداشت و ووتارەکانیان بە زمانی ئینگلیزی و لە ژێر ناوی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم ــ دەرەوەی وولات ) ، کۆمیتە بالاکانی ڕیفراندۆم ــ دەرەوەی وولات و لە کۆبوونەوەی تایبەتی خۆیدا لە ڕۆژی **16 . 11 . 2005** بڕیاریدا :

1 . یاداشت و بڵاوکراوەو ئاگاداری  کۆمیتەی باڵای بزووتنەوەی ڕیفراندۆم ـ دەرەوەی ووڵات ، تەنها لەژێر لۆگ و ئارمی پەسەندکراوی کۆمیتەی باڵامان دەردەچێت کە ئەمەی خوارەوەیە :

**Referendum Movement in Kurdistan**

**بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان ـ دەرەوەی ووڵات**

2 . بەڕێز سیروان مەحمود ( ئەندامی کۆمیتەی باڵای دەرەوە و بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن ) ، دەستنیشان کرا بۆ خولی 6 مانگی داهاتوو وەک ووتە بێژی بزووتنەوەمان لە دەرەوە ی ووڵات .

3 . هەر ( یاداشتێک ، هەڵوێستێک ، ڕوونکردنەوەیەک ) لەژێر ئەم لۆگەو لەڕێێ بەڕێز سیروان مەحمودەوە ڕانەگەیەنرێت ئەوا ئێمە بەرپرسیار نین لێی و لەلایەن ئێمەوە دەرنەچووە .

ئەوەش دووپات دەکەینەوە کە کۆمیتەمان هەمیشە گرێدراوی بزووتنەوەی ڕیفراندۆمە لە کوردستان .

سەرکەوتووبێت هەنگاوە پراکتیکیەکان بۆ بەدیهێنانی ئاواتی دێرینی گەلەکەمان لە سەربەخۆیی .

نەمری بۆ شەهیدانی ڕێگای ئازادی ورزگاری کوردستان .

کۆمیتەی باڵای بزووتنەوەی ڕیفراندۆم ـ دەرەوەی ووڵات
**2005 . 11 . 24**